

سەیفەدین فەتاح لە دایکبووی ساڵی ١٩٧٠ی شاری کەرکووکە و یەکێك لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی یاری تۆپی سەرمێزە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق کە ماوەیەکی زۆرە لە یانەکانی کوردستان خەریکی یاریکردنە و چەندین ئەنجامی شایستەی بەدەستهێناوە، ماوەی دوو وەرزیشە رووی لە یانەی وەرزشی سلێمانی کردووە، لەگەڵ ئەم یانەیەش نازناوی پاڵەوانی کوردستان و عێراقی بەدەستهێناوە و بۆتە مایەی سەرنجی ژمارەیەك لە یانەکانی عێراقی و کوردستان، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

### سەیفەدین فەتاح یاریزانی تۆپی سەرمێزی یانەی وەرزشیی سلێمانی:

# هەموو هەوڵێکمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بە پاڵەوانی بمێنینەوە

*** لە ئێستادا ئاستی یاری تۆپی سەرمێز لە كوردستاندا چۆن دەبینی؟**

-بە شێوەیەكی گشتی ئاستی ئەم یارییە لە ئێستادا مامناوەندییە و لە ئاستی بەرزی نابینم، بە هۆی ئەوەی لەلایەن یانەكانەوە گرنگیی زۆر بەم یارییە نەدراوە.

*** لەسەر ئاستی سلێمانی چۆنی دەبینی؟**

-بێگومان شاری سلێمانی یەكێك لەو شارانەیە كە لەسەر ئاستی عێراق خاوەن چەندین یاریزانی بەتوانایە و ئومێدی ئەوەیان لێ دەكرێت كە بتوانن ئەنجامی شایستەتریش بەدەستبهێنن لەسەر ئاستی یانەكانی عەرەب و ئاسیاش، ئێستاش كوران و كچانی سلێمانی لەم یارییە پێشەنگن، ئەوەش بەڵگەی گرنگی ئەم یارییەیە لە شاری سلێمانی.

*** ساڵانە پاڵەوانێتیەكی كەم دەكرێتەوە، ئەمە تا چەند دەبێتە هۆكار بۆ پێشڤەنەچوونی ئەم یارییە؟**

- لە راستیدا كردنەوەی یەك پاڵەوانێتی لە ساڵێكدا بۆ یاریزانان زۆر زۆر كەمە و نابێتە هۆكار بۆ پێشكەوتنیان، پاڵەوانێتی دەكرێتەوە بە یەك قۆناغ و بە چەند رۆژێكی كەم تەواوی دەكەن كە هیچ سوودێكی نییە، ماوەی ساڵێك مەشق و راهێنان دەكەین بە دوو رۆژ یارییەكان بە كۆتایی دەهێنن، ئەوەش یاریزانان سارد دەكاتەوە.

***وەكو یاریزانێكی بەئەزموون پێت باشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم یارییە دەبێت چی بكرێت؟**

- پێویستە لەسەر بەرپرسانی ئەم یارییە زیاتر گرنگی بە تواناكانی یاریزانان بدەن و پاڵەوانێتیەكان كە ئەنجام دەدەن بە دوو خول بێت بە شێوازی چوون و هاتن بێت، ئەوە بۆ یاریزانان گرنگی زۆری دەبێت، چونكە كوردستان ئارامە با خولەكان بە چەند مانگێك تەواو بێت و ئەوەش سوودی بۆ یارییەكە زیاترە، جگە لەوەش چەندین خولی جۆراوجۆر بكرێتەوە بۆ یاریزانانی ئاستەكانی جیاوازی تەمەن.

*** پێت باش نییە قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان لە شارەكانی كوردستان بكرێتەوە؟**

-سەد لەسەد من لەگەڵ ئەوەمە ئێستا یانەی وەرزشی سلێمانی ئەم هەنگاوی ناوە و مامۆستا توانا سەرپەرشتی قوتابخانەكە دەكات و سوودی زۆری دەبێت بۆ داهاتووی یانەكەمان و چەندین یاریزانانی بەتوانا بەرهەم دەهێنێت بۆ شارەكە و ژمارەیەكی زۆری یاریزانانی تەمەن بچووك لەم قوتابخانەیە بەردەوامن لە وەرزشكردن.

*** ساڵانە یانەكان یاریزانانی پیشەگەر دەهێنن بۆ یاریكردن، تاچەند لەگەڵ هاتنی ئەم یاریزانانەی؟**

-من لەگەڵ ئەوەم یاریزانانی پیشەگەر بەڵكێشی یانەكان بكرێت، لەبەر ئەوەی ئاستی یانەكە بەرز دەبێتەوە و سوودیشی دەبێت، بەڵام نەك بۆ چەند یارییەك بێت، پێویستە بمێنێتەوە و ئەوە سوودی زیاتری بۆ یاریزانان دەبێت و ئەزموونی باشی لێ وەردەگرن، نەك بۆ چەند یارییەك بێت و پارەی خۆی ببات و بڕوات ئەوە سوودی نابێت و یانەكانیش زیانمەند دەبن.

*** گرفتە وەرزشیەكانتان زیاتر لە چیدا دەبینی؟**

-نەبوونی هۆڵێكی تایبەت بە یارییەكانی تۆپی سەرمێز ئەوە خۆی گرفتێكی گەورەیە بۆ یاریزانان، جگە لەوەی ئێستا تۆپەكانی یاریكردن گۆڕاون و بوونەتە پلاستیك، ئەوەش گرفت درووست دەكات لە یاریكردنمان نەبوونی توانایی داراییش گرفتی سەرجەم یانەكانی هەرێمی كوردستانە.

*** بەڵێن دەدەن سلێمانی بە پاڵەوانی بهێڵنەوە؟**

-ئێمە پاڵەوانی كوردستان و عێراقین خۆم و سەرجەم یاریزانان هەموو هەوڵێكی خۆمان دەخەینەگەڕ بۆ ئەوەی بە پاڵەوانی بمێنینەوە، بە هیممەتی یاریزانان و دەستەی كارگێڕی یانەكەمان، ئەنجامی باشتر بەدەست بهێنین.

*** لەم یارییە بەهیوای چیت؟**

- هیوادارم بتوانم لە پاڵەوانێتیەكانی داهاتوو ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنم و خزمەتی زیاتری ئەم یارییە بكەم .

*** دەستەی كارگێڕی یانەی سلێمانی وەكو پێویست هاوكارتانن؟**

- سوپاسیان دەكەین، ئەوەی لە دەستیان بێت، هاوكاری بەردەوامی تیپەكە بوون.

*** لە پاڵەوانێتی یانەكانی عەرەبی ئاستی تیپەكەتان چۆن بینی؟**

- بەڕاستی ئەوەی لە خەیاڵ نەبوو روویدا، یاریزانانی ئێمە توانییان ئاستێكی زۆر شایستە پێشكەش بكەن، خولی یانەكانی عەرەبیش زۆر بەهێزە لە چاو خولەكانی كوردستان و عێراق، ئومێدیش دەكەم ساڵ بە ساڵ ئاستی یانەی سلێمانی بەهێزتر بێت.

*** داوكاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**


-بەهیوای ئەوەم زیاتر گرنگی بە یارییەكانی تۆپی سەرمێز بدەن لەسەر ئاستی كوردستان و خولی بەردەوام ئەنجام بدەن بۆ یاریزانانی شارەكانی كوردستان بۆ ئەوەی ئەم یارییە زیاتر بەرەو پێش بچێت.

*** لە كۆتاییدا دەتەوێ باسی چی بكەیت؟**

-دەمەوێ لێرەدا سوپاسی گۆڤاری گوڵان بكەم، كە بەردەوام گرنگی بە تواناكانی یاریزانانی كوردستان دەدات لە شاروشارۆچكەكانی كوردستان بەردەوامە لە ناساندنی یاریزانان و بەسەركردنەوەیان.

دیمانە: كارزان كانەبی

# ریال مەدرید
# بەمەرج دەست بەرداری ئەستێرەی یەکەمی یانەکەی دەبێت



ئاژانسەکانی هەواڵی وەرزشی بەریتانیا دووپاتیانکردەوە کارگێری یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی بەسەرۆکایەتی فلۆرینتیۆ پێرێز لاری نیە لەفرۆشتنی ئەستێرەی یەکەمی یانەکە و گۆڵکاری مێژوویی تیپەکە کریستیانۆ ڕۆناڵدۆی پورتوگالی لەماوەی گواستنەوەی هاوینەی داهاتوو. بەپێی ڕاپۆرتەکە کارگێڕی یانەی ریال مەدرید خۆشحاڵبوون بەبیرۆکەی فرۆشتنی رۆناڵدۆ، بەڵام تاکە مەرجیان پێدانی بڕی ٨٠ ملیۆن پاوەندە کە ئەو کات لەیانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەو بڕە پارەیە کڕیان. هەروەها ڕۆژنامەکانی بەریتانیا روونیانکردۆتەوە دەستەی کارگێری یانەی شاهانە درکیان بەوەکردوە و باش دەزانن کە رۆناڵدۆ کۆشش دەکات بۆ جێهێشتنی یانەکە و بۆ ئەم مەبەستەش یانەکە دەیەوێت گشت هەوڵێکی بخاتە گەر بۆ سوود وەرگرتن لە بۆندی فرۆشتنی ئەو یاریزانە بەتایبەت کاتێ دەبینی چەند یانەیەکی گەورەی ئەورووپا وەك مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی و پاریس سان جێرمانی فەرەنسی ئارەزووی ئەنجامدانی گرێبەستیان لەگەڵ ئەو یاریزانە هەیە. جێی ئاماژەیە لەم ماوانەی دواییدا رۆناڵدۆ بۆتە جێی مشتومڕێکی زۆر بەتایبەت دوای ئەو قسەکردنە نهێنیەی لەگەڵ بەڕێوەبەری هونەری تیپی پارس سان جێرمان لۆران بلان ئەنجامیدا و هەمیشە لەلێدوانەکانیشی خۆشەویستی خۆی بۆ یانە ئینگلیزیەکە دەردەبڕی.




## یانەی بەرشلۆنە
## نزیکبۆتەوە لەبەئەنجام گەیاندنی گرێبەستێکی گەورە

بریکاری باوەرپێکراو لەلایەن یەکێتی تۆپی پێی نێودەوڵەتی ئەرنستۆ برۆنزیتی دووپاتی کردەوە یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی نزیکبۆتەوە لەبەئەنجام گەیاندنی گرێبەستێکی گرانبەها بەم نزیکانە. هەروەها ڕۆژنامەی ئەلماندۆ دیپۆرتیڤۆی کەتەلۆنی لەزاری برۆنزیتی بڵاویکردۆتەوە من باش دەزانم یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەدوای یاریزانی نێودەوڵەتی یانەی خانمە پیرەکەی ئیتالی پۆل پۆگبای فەرەنسیەو بەهیچ شێوەیەکیش یانەی بەرشلۆنە دەست بەرداری ئەم بیرۆکەیە نابێت تا ئەم گرێبەستە بەئەنجام نەگەیەنێ لەنزیك ترین یاخود لەهەرکاتێکی گونجاو ڕێککەوت. لەبەشێکی تری قسەکانیدا ئەو بریکارە باوەرپێکراوەی فیفا روونیکردۆتەوە دەبینین هەر کاتێ یانەی یۆڤانتۆس بڕیاری فرۆشتنی ئەو یاریزانەی دا ئەوا یانەی بەرشلۆنە تاکە یانە لەلالیگای ئیسپانی ئارەزوو بکات گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانەی کەلەشێرەکان بەئەنجام بگەیەنێ. پێویستە بوترێت لەهاوینی رابردوو لەماوەی گواستنەوەدا دەنگۆی زۆر لەمەڕ ئەنجامدانی گرێبەست لەلایەن یانەی بەرشلۆنە لەگەڵ ئەو یاریزانە بڵاوکرایەوە، بەڵام فیفا بڕیاری دابوو بەوەستانی ئەنجامدانی گرێبەست بۆ ماوەی دوو وەرز وەك سزایەك بۆ یانەی بەرشلۆنە.

## ئەستێرەی یانەی شالگە
## بۆتە جیی بایەخی ژمارەیەک یانەی گەورەی ئەوروپا

ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان دووپاتیان کردۆتەوە یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی لەگەڵ یانە گەورەکانی پریمەرلیك کەوتۆتە نێو ململانێی لەپێناو بەدەست هێنانی تواناکانی ئەستێرەی یانەی شالگە لیرۆی سانی. لەمبارەیەوە ڕۆژنامەی دەیلی ئەکسبریس ئاماژەی بۆ ئەوەکرد یانەی شەیتانە سوورەکان بۆتە لایەنێك لەململانێی لەگەڵ رکابەرەکەی لەخولی پریمەرلیگ بۆ ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ یاریزانی ئەڵمانی سانی، لەکاتێك لەماوەی رابردوو هەریەك لەیانەکانی ئەرسناڵ و لیڤەرپول دەیانویست جوولە بکەن بەئاراستەی ئەنجامانی گرێبەست لەگەڵ ئەو یاریزانە تەمەن ١٩ساڵەی یانەی شالگە لیرۆی سانی. هەر بەپێی زانیاریەکان یانەی مانچستەر یونایتد شارەزایانی خۆی ناردۆتە ئەڵمانیا بۆ ئەوەی لەنزیکەوە سەیری یاری ئەو یاریزانە بکەن کە لەئێستادا بۆتە جێی بایەخ و گرنگی ژمارەیەك یانەی ئەورووپی گەورە. پێویستە بوترێت نرخی ئەو یاریزانە لاوە لەئێستادا ١٢ ملیۆن پاوەندە و یانەی شالگەش باش دەزانێت کە ڕووبەڕووی ئەستەمیەکی زۆر دەبنەوە بۆ پارێزگاریکردن لەو یاریزانە لەماوەی گواستنەوەی زستانە.

## گورزێکی بەهێز بەر میلان دەکەوێت

ئەستێرەی ئیتالی یانەی ئەی سی میلان ماریۆ بالۆتیلی بەهۆی ئەو پێکانەی دووچاری رانی هاتووە ماوەیەك لەیانەکەی دادەبڕێت. لەمبارەیەوە پێگەی کالچۆ میرکاتۆ بڵاویکردۆتەوە بالۆتیلی لێدانێکی بەهێز لەهێلی هێرشبردنی یانەی ئەی سی میلان دەدات بەهۆی زیادبوونی پێکانەکەی. ئەمەو بەپێی سەرچاوە زانیاریەکان لەیانەی میلان بالۆتیلی لەماوەی داهاتوو بەپێی ڕێنمایی پزیشکی تایبەت نەشتەرگەری ئەنجام دەدات و لەنزیکەوە ئەو پزیشکانە چاودێری بارودۆخەکەی دەکەن، بەمەش ناوبراو ڕەنگە پێویستی بەلایەنی کەمەوە بۆ سێ مانگ هەبێت واتە تا ناوەڕاستی مانگی شوباتی داهاتوو تا درێژە بەیاریکردن بدات لەگەڵ رۆسێنیری. پێویستە بوترێت بالۆتیلی بەپێی بۆندێك یانەی میلان ئەو یاریزانەی بەشێوەی خواستن لەیانەی لیڤەرپول وەرگرتووە دوای ئەوەی لەخولی پریمەرلیگ ئاستی لەدابەزین دابوو لەگەڵ یانەکەی.

## ئاشتی مستەفا راهێنەری تازەی یانەی دهۆک: ئەگەر باری دارایی باش ب

هەرچەندە یانەی دهۆك لە دەستپێكی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەكانی عێراقی بە ئامانجەوە هاتە نێو كێبڕكێیەكانی خولەكە و بە هیوای ئەوە بوو لە سەر دەستی راهێنەری یانەكە سائیر جەسام بتوانێ ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنێت، بەڵام لە دوای ئەنجامدانی هەشت یاری یانەكە نەیتوانی هیچ ئەنجامێكی دڵخۆشكەر بەدەست بهێنێت و بە كۆكردنەوەی تەنیا ٤ خاڵ لە داوپین پلەكانی ریزبەندیی یانەكاندایە، راهێنەری یانەكەش بە هۆی كێشەی دارایی دەستی لە مەشقی یانەی دهۆك كێشایەوە. كارگێڕانی یانەكە بە بێ دوودڵی نزیكترین كەسی یانەكەیان (ئاشتی مستەفا)ی لە خولی نایابی كوردستان هێنایە خولی عێراقی، لە ئێستاشدا ئەو راهێنەرە لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێ ئەنجامێكی شایستە بۆ تیپەكە مسۆگەر بكات و تیپەكە بە شێوەیەكی باشتر ئامادە بكات. لەم بارەشەوە ئاشتی مستەفا راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی دهۆك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «هەر چەندە ماوەیەكە ئێمە ئەركی راهێنەرایەتی یانەی دهۆكمان وەرگرتووە، بەڵام بەڵێنی ئەوەش دەدەم كە بتوانین ئاستی یانەی دهۆك بەرز بكەینەوە لە قۆناغی دووەم، بۆ ئەوەش دەبێت باری دارایی یانەكە باشتر بكرێت، ئەگەرنا ناتوانم ئەم كارە بە سەركەوتوویی ئەنجام بدەم. هەر چەندە ژمارەیەك لە یاریزانانی پیشەگەر و عەرەبەكان ریزی یانەكەیان جێهێشتووە، بەڵام ئەگەر بارودۆخەكە باش بڕوات، ئەوە پشت بە تواناكانی یاریزانانی كوردی شارەكانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك و كەركووك و شارەكانی دیكە دەبەستین. لە

## كەركووك ئامادە نییە



یانەی كەركووك ماوەی چەند وەرزێكە لە بارودۆخێكی خراپی دارایی گوزەر دەكات، هیچ بەرپرسێكیش ئاوڕێك لە یانەكە ناداتەوە بۆ ئەوەی لەم قەیرانە داراییە رزگاری بكات، ساڵانەش ژمارەیەك لە یاریزانانی بەتوانای شارەكە ریزی یانەكەیان جێدەهێڵن و بە گرێبەستی باشتر دەچنە یانەكانی دەرەوەی شارەكانیان، لە ئێستاشدا لەگەڵ ئەوەی وادەیەكی كەم ماوە بۆ دەستپێكردنی وەرزی نوێ، بەڵام تیپی كەركووك هیچ ئامادەكاری و كۆكردنەوەی یاریزانانی نەكردووە، رەنگە تیپەكە بۆ ئەم وەرزە داوای لێبووردن لە یەكێتی ناوەندی تۆپی پێی كوردستان بكات. لە بارەی گرفتە داراییەكانیش موراد بەزاز بەڕێوەبەری كارگێڕی لە یانەی وەرزشی كەركووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاكو ئێستا چارەنووسی یانەكەمان دیار نییە كە ئایا ئەمساڵ بەشدار دەبین لە خولی نایابی كوردستان، یاخود بەشدار نابین، چونكە بەشداریكردن لە خول پێویستی بە پارەیە، ئێمەش ماوەی چەند ساڵێكە بەدەستی گرفتی قورسی داراییەوە دەناڵێنین، جگە لەوەش ئێمە پارەیەكی زۆری قەرزی یاریزانانی تیپەكەمان لەسەرە كە ئەوانیش داوای مافەكانی خۆیان دەكەن، جگە لە سەرجەم پارەی گرێبەستی یاریزانان و مووچەی دوو مانگیان لەلای دەستەی كارگێڕی یانەكە ماوە، لە ئێستاشدا هیچ بڕە پارەیەكمان نییە بیدەین بە یاریزانانی خۆمان، ئێمە چەندین جارە داوای پارە لە بەرپرسانی شارەكەمان دەكەین بۆ ئەوەی

## دەربەندیخان سەردار مەجید دەهێڵێتەوە



هەرچەندە وەرزی رابردوو سەردار مەجید سەرپەرشتی مەشقی یانەی وەرزشی دەربەندیخانی كرد لە خولی پلە یەكەكانی كوردستان و توانی یانەكەش بهێڵێتەوە، بەڵام بە ئامانجی باشتر بوونی ئاستی یانەكە و بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستەتر لەم وەرزی خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستان و كێبڕكێكردن لەسەر بەدەستهێنانی پلێتی سەركەوتن بۆ خولی یانە پلە نایابەكانی كوردستان، دەستەی كارگێڕی یانەی وەرزشی دەربەندیخان لە هەوڵی ئەوەدایە بتوانێ (سەردار مەجید)ی وەرزشكاری دیاری شاری كەلاری گەرمیان بكاتەوە بە راهێنەری یانەكەی. سەردار مەجید لە بارەی وەرگرتنی ئەركی مەشقی یانەی وەرزشی دەربەندیخان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: « هەر چەندە من وەرزی رابردوو مەشقی یانەی دەربەندیخانم لە ئەستۆ بوو، كە توانیم بەڵێنی ئەوەش بدەم یانەكە لە خولی پلە یەك بهێڵێنەوە، بۆ ئەم وەرزەش دەستەی كارگێڕی یانەكە بە فەرمی داوایان لە من كردووە كە مەشقی یانەی وەرزشی دەربەندیخان لە خولی یانە پلە یەكەكانی كوردستان وەربگرم و تا رادەیەك لەگەڵ دەستەی كارگێڕی تیپەكە

# ـــــــــێت، بەڵێن دەدەم ئاستی دهۆک باشتر بکەم



چاوەڕوانی ئەوەشین بزانین خولی کوردستان بەڕێوەدەچێت، یاخود نا، بۆیە هەتا بکرێت ئێمە پشت بە کوڕانی کورد دەبەستین.». لە بارەی جێبەجێکردنی پلانەکانیش ئاشتی گوتی: «من وەکو ڕاهێنەر پلانی تۆکمەم داناوە بۆ ئەوەی لەگەڵ دەستپێکردنی قۆناغی دووەم جێبەجێی بکەم، ئەوەش بە پاڵپشتی دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانان و کارگێڕی دەبێت، لەو بڕوایەشم یاریزانان دەتوانن پلانەکانی ئێمە جێبەجێ بکەن لە ناو یاریگا، ئێمە وەکو دەستەی ڕاهێنەران لە کاتی دەستبەرکاربوونمان مەشقی بەردەوامان دەستپێکردووە، بەڵام کێشەی دارایی بۆتە گرفتێکی گەورە بۆ یانەکە، ئەگەر چارەسەر بکرێت، ئەوە دهۆکییەکان دەتوانن کێبڕکێی باش بکەن بۆ ئەوەی لە قۆناغی دووەم ئەنجامەکانیان تەواو جیاواز بێت لە قۆناغی یەکەم، بێگومان باری باشی دارایی ڕۆلی باشی لە خولەکان دەبێت.»

هاوکاریمان بکەن، بەڵام هیچ کەسێك هاوکاری یانەی کەرکووك ناکات، ئەوەش بۆتە گرفتی ساڵانەی ئێمە کە نەتوانین کارەکانی خۆمان بە باشی ئەنجام بدەین.» لە بارەی بڕی سەرجەم ئەو پارەی کە یانەکە قەرزارە موراد گوتی: «بە تەواوی دیار نییە کە تیپەکەمان چەند قەرزارە، بەڵام پارەیەکی زۆرمان لەسەر کەلەکە بووە و توانای داناوەمان نییە، ئەگەر بارە داراییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر بێت، بە دڵنیاییەوە ناتوانین بەشدار بین لە خولی کوردستان و تاکو ئێستاش چارەنووسمان دیار نییە لە ئەگەری بەشداربوونمان لە خولی نایابی یانەکانی کوردستان.»

گەیشتوومەتە ڕێککەوتن بۆ ئەوەی مەشقی یانەکە بۆ وەرزی تازەش لە ئەستۆ بگرم، لەگەڵ وەرگرتنی ئەرکە تازەکەشم هەوڵدەدەم ئاستی یانەی وەرزشی دەربەندیخان بەرز بکەمەوە و ئامادەکاری باشتریان پێبکەم بۆ ئەوەی ببینە ژمارەیەکی گەورە لە خولەکە و تیپێکی تۆکمەش درووست دەکەم». لە بارەی مانەوەشی لە شاری کەلار ناوبراو گوتی: «تاکوئێستا لەگەڵ هیچ یانەیەکی شاری کەلار قسەم نەکردووە، تەنیا لەگەڵ دەربەندیخان لە هەوڵی ئەوەم بگەینە ڕێککەوتێکی وەرزشی بۆ ئەوەی تیپەکە ببەینە دۆخێکی باشتر.»